# ئایا خێرترین وباشترین کردەوەتان پێ بڵێم، کە پاکترین وبە بەرەکەتترینیانە لای پەروەردگارتان، هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەکانتانە

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا خێرترین وباشترین کردەوەتان پێ بڵێم، کە پاکترین وبە بەرەکەتترینیانە لای پەروەردگارتان، هۆکاری بەرزبوونەوەی پلەکانتانە، وخێرترە بۆ ئێوە لە بەخشینی ئاڵتون وزیو، وخێرترە بۆتان لەوەی کە بگەنە دوژمنەکانتان و لە گەردنیان بدەن وئەوان لە گەردنی ئێوە بدەن؟»، ووتیان: بەڵێ (پێمان بڵێ)، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «زیکر ویادی خوای گەورە».
[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لە هاوەڵانی کرد: ئایا دەتانەوێت پێتان بڵێم وبزانن کامەیە چاکترین وڕێزدارترین وپیرۆزترین وپاکترین کردەوەتان لەلای الله (المالك:ئەلمالیك:خاوەنداری هەموو شتێك) -عز وجل-؟ وزیاتر لە هەموو کردەوەکانی تر پلەتان بەرز دەکاتەوە لە بەهەشتدا؟ وباشترە بۆتان لەوەی خێر بکەن بە ئاڵتون وزیو؟ وخێرترە بۆتان لەوەی بگەن بە کافرەکان لەکاتی جەنگدا، ئێوە لە گەردنیان بدەن، وئەوانیش لە گەردنی ئێوە بدەن؟ هاوەڵان ووتیان: بەڵێ، دەمانەوێت پێمان بڵێی. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: یاد کردنی خوای گەورە لە هەموو کات وحاڵەتێکدا.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3575

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee